جۆن لۆك
فەلسەفەی

پۆل ستراتیرن بۆ فارسی: فاطمة لوتفی
لە فارسییەوە: شنۆ ئەحمەد

١-٢

پێشەکی :

فەلسەفە بزاوتێکی ڕوو لە پاشەکشەی هەیەو، بە جیهانێکی بێکۆتا لە هزرو ئەندێشەی ئاڵۆزو جوان و پڕ کێشمە کێش دەستپێدەکات. هێدی هێدی بە کۆمەکی دەمارگیری ئاینی، ئەقڵ و ئیرادەی درکپێکردن، فەلسەفە دەستدەکات بە ڕێکوپێکردنی ئەم جیهانە لە ڕووی ئەقلانییەوە. هەموو شتێ سادەترو ڕوونتر دەبێت. فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە جیهان، وەك ئێستا لەبەرچاوەو دەبینین، وەسفبکات. لەگەڵ جۆن لۆك دا فەلسەفە هاتە ناو چاخی زەمینی لە باری خۆی. هزرو ئەندێشە مەزنەکان زۆربەیان ڕوون و ئاشکراو بەڵگەنەویستن و ئایدیاکانی جۆن لۆکیش لە هەموویان زیاتر. زۆربەی بیروڕاکانی ئەمڕۆ کە بە هوشیارییە باوەکان لەقەڵەمدەدرێن. فەلسەفەکەی بە باوەڕ بوون بەوەی کە زانینی ئێمە لە بارەی جیهانەوە لەسەر بنەمای ئەزموونە، بناغەی ئەزمونگەری دانا، هەروەها فەلسەفەی دیموکراسی لیبراڵی هێنایە پێشەوە، کە ناوەکەی بووەتە شارستانیەتی خۆرئاوا، لە ئێستاشدا خەڵکانێك کە تەنانەت ڕێنوسی واژەی فەلسەفەش نازانن،

پێشوازی لەم باوەڕانە دەکەن، کە سێ سەدە لەمەوبەر ئالۆز بوون و قابیلی تێگەیشتن نەبوون. هەموو ئەمانە فەلسەفەی لۆك،یان تا ڕادەیەك بێبەهرە کردەوە لە سەرنجراکێشان، بەلام بەڵگەیەك بۆ ئەمە نییە کەفەلسەفە هەر دەبێت سەرنجراکێشبێت.

بە پێچەوانەوە بەڵگەی زۆر باش بۆ ئەمە هەیە کە دەبێت داهێنەر بێت. گیروگرفتەکە ئەو کاتە دەستپێکرد کە بابەتە فەلسەفیەکان سەرنج ڕاکێشبوون و خەڵکی بە ڕاستی دەستیان بە خوێندنەوەیان کرد. ئەو خەڵکانەی کە ئەو شتانە دەخوێننەوە و ئامادەن باوەڕی پێبهێنن و ببینن چی ڕوو دەدات. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، چونکە شایەتیدان ترسناکە لەسەر ئەوەی کە ڕوو دەدات ،ئەو کاتانەی لێشاوێکی گەورەی خەڵك دەستدەکەن بەجدی وەرگرتنی فەلسەفە.

خۆشبەختانە ئێستا فەلسەفە زۆر لەو قۆناغە منداڵییەی چووەتە پێش کە چاوەڕێدەکرا، خەڵکی کاتێ فەلسەفە دەخوێننەوە باوەڕیپێبهێنن، بەلام هەمیشە هەروا نیە – زۆرێك لە ژیرترین فەیلەسوفەکان ئەو فۆنتیکەیان دۆزیوەتەوە کە خوێنەران دەتوانن قسەی پێبکەن و لێیتێبگەن. سپێنوزا زۆرترین هەوڵی خۆیدا تا بە نەخوێندنەوەی فەلسەفەکەی چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکات. لە لایەکی ترەوە سوقرات باوەڕی وابوو کە باشترین ڕێگە ئەوەیە، هیچ شتێك نەنوسێت.(فەیلەسوفانی وەکو: کانت و هیگڵ ، شێوازی یەکەمیان گرتە بەرو ئارنزڤارد و هانتینگرۆن ـجۆنزیش شێوازی دووەمیان گرتەبەر) ڕێگە چارەی لۆك ئەوەبوو فەلسەفەیەك بنوسێ کە بە زوویی داهێنەرانە بنوێنێ، بەلام هەمیشە وا نەبوو.

فەلسەفەو ئایدیاکانی لۆك لە سەردەمی خۆیدا شۆڕشێك بوون و ڕێرەوی فەلسەفەیان گۆڕی.لۆك تاکە فەیلەسوفێکی دیار بوو کە بووە وەزیر، ئەمەش دەریدەخات کە ئەو مرۆڤێك بوو خاوەنی گەلێك تایبەتمەندی بوو،بەلام بە گشتی خۆ گونجێنەر و ئیشکەر بوو. فەلسەفەکەی فەلسەفەیەکی پراکتیکییە، چ بۆ تاك و چ بۆ کۆمەڵگا بە گشتی.

ژیان و بەرهەمەکانی جۆن لۆك

لۆك هەوڵیدا وەها بژی کە بە ئەندازەی فەلسەفەکەی داهێنەر بێت. خۆشبەختانە بۆ ئێمە، ئەگەر چی بۆ ئەو نەبوو،چونکە ئەو لە ڕۆژگارێکی پڕ هەیەجاندا ژیاو نەیتوانی خۆی لە گیرۆدەبوون ببوێرێ جۆن لۆك لە (٢٩) ی ئابی(١٦٣٢) لە کوخێکی بچوك و تا ڕادەیەك پیس بە ساپیتەیەکی شەق و شڕی تەنیشت کەنیسەی گوندی سامریست لە ڕینگتۆن لە دایکبووە. باوکی مافیەروەرێکی بێ سکاڵای گوندو دایکیشی کچی کابرایەکی خاوەن مولك بوو، کە لە جوانیدا زۆر بەناو بانگبوو ماوەیەك دوای لە دایکبوونی جۆن، باوك و دایکی کۆچیا نکرد بۆ

ئەرستۆ

مولکێکی بنەماڵەکەیان لە نزیك شارۆچکەی بازرگانی پنسفۆرد لە باشوری بریستۆل. لێرە لۆك لە ماڵێکی لادێی تیۆدۆر بە ناوی بلۆتۆن گەورە بوو. ئەم خانووە لە مێژە نەماوە ، بەڵام دەڵێن ئەو خانوەی کە ئێستا ئەو ناوەی داگیر کردووە لەسەر بناغەی هەمان خانوو دروست کراوە خانوەکە دەکەوێتە سەر گردێکی بەرزی شاری تا رادەیەك ئاسایی بنسفۆرد ، بەڵام لێرە لە رۆژانی هاویندا لە دیمەنێکی نەفەس بڕ لەسەر گردەکانی مندیپ لە ئاستی میدسامر نورتۆن و پەرستگەی دلونساید بەهرە مەندیت.ئەم ئاسودەییەی گوند، لە هەڵگیرسانی شەری ناوخۆی ساڵی (١٦٤٢) دا کە جۆن تەمەنی (دە) ساڵان بوو ، شێوا. شەڕ خاڵی ترۆپکی دەمەقاڵەیەکی درێژخایەنی نێوان مەلیك چارلزی یەکەم و پەرلەمان بوو .چارلز باوەڕی بە مافی خوایی پاشایان هەبوو، کە لەسەر ئەو بنەمایە پادشا دەسەڵاتی خۆی ڕاستەوخۆ لە خوداوە وەردەگرێ و لەم ڕووەوە وەڵامدەرەوەی ئەو بنەمایانە نییە، کە پاشاکان بە ڕێوەیدەبەن، لەوانە: پەرلەمان. ئەندامانی پەرلەمان کە بەرپرسی دەنگدان بە بودجەی پادشا بوون ، بە جۆرێکی تر بیریانکردەوە. لە ڕاستیدا شەڕی ناوخۆ لە بنەڕەتدا شەڕێکی ڕووبەڕووی نێوان توێژێکی تازە دەرکەوتووی بازرگان لە لایەك و پادشاو دەولەمەندە خاوەن زەوییەکانی بوو لە لایەکی تر. شەڕ وڵاتی کرد بە دوو لەتەوە و یەکەمین شۆڕشی سەرکەوتووی لە مێژووی ئەورووپادا بەرهەمهێنا.

بنەماڵەی لۆك پشتیوانیان لە ئەندامانی پەرلەمان دەکرد، نوێنەری ئەو ناوچەیە لە پەرلەمان، ئەلکساندەر پاپهام بووە سەرلەشکری یەکەی جەنگی ناوچەکە لە پەرلەمان و باوکی لۆکی بە فەرماندە دامەزراند. باوکی لۆك ماڵی بۆ پەیوەستبوون بە خەباتەوە بەجێهێشت. یەکەی



جەنگی سەرهەنگ پاپهام لە دوای ڕووبەڕووبونەوەی دەستەیەك سەربازی پاشاخوازی بێئاگا لە هەمووشتێ، بە خێرایی وایانلێکردن هەڵبێن و پەیوەندی بکەن بە سوپای پەرلەمانەوە لە دویزس، بەڵام ئەمجارە لایەنگرانی پادشا (پادشا خوازەکان) ئامادە باش بوون و لەو شەڕەی کە هاتە پێش باوکی لۆك و پاپهام بەختی ئەوەیان هەبوو بە سەلامەتی دەربازیان ببێت . لە دوای ئەو شەڕەوە ئیتر بریاریاندا واز لە ژیانی سەربازی بهێنن و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. لەم کاتەدا وڵات لە پشێوی و فەرتەنەدا بوو ، خانەوادەی لۆك هیچ بژێوییەکیان نەبوو کە لەسەری بژین. سەرهەنگ پاپهام هەوڵێکی زۆریدا، کە کارێکی باش بۆ فەرماندەی پێشووی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام تەنیا توانی کارێکی وەکو کارمەندی زێرابەکانی گوندی بۆ پەیدا بکات (ئەمە دەکرێت ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێزگرتنە بێت، کە لە ناوچەکەدا هەریەکێك لەم دوو جەنگاوەرەی پێشوو بڕوایان پێ بوو).

لە (١٦٤٦) دا چارلز زیندانی کراو پاش سێ ساڵ ئازاد کرا، کۆمەڵەی هاوقازانج دامەزرا، کە ئەلیۆر کرامۆل بە زوویی وەکو سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە سەریدەرکرد. لە هەمانکاتدا سەرهەنگ پاپهام توانی چاکەیەکی تر دەرهەق بە لۆك (باوکی جۆن) بکات. ئەو لە پلەی ئەندامی پەرلەمان مۆڵەتی وەرگرت کە ناونوسی کۆمەڵێك قوتابی بکات بۆ وەرگرتن لە قوتابخانەی ویست مینستەر لە لەندەن، کە لەو سەردەمەدا باشترین قوتابخانەی وڵات بوو. ئەم چاکەیە کە ئەو دەرهەق بە منالی پارێزەرێکی نەناسراوی کرد لە گوندەکانی خۆرئاوای وڵات ، ژیانی جۆن لۆکی بە تەواوی گۆڕی. بەبێ ئەو جۆرە پەروەردەیە، گومان هەیە کە لۆك دەرفەتی ماف بەخشینی بەتوانا جیاکارییەکانی خۆی دەبوو .

سەیر ئەوە بوو گەرچی ویست مینستەر لە ژێر دەسەڵاتی لیژنەیەکی پەرلەمانیدا بوو، بەڵام سەرپەرشتیارەکەی لە لایەنگرانی پاشا بوو . کە شانۆکارێکی

جۆن لۆك

شکستخواردوو بوو بە ناوی دکتۆر بازبی کە بەهۆی نمایشە ئازارلوییەکانییەوە ناوبانگی دەرکردبوو.بەوتەی جۆن درایدەنی شاعیر کە هاوکات لەگەڵ لۆك دا لە ویست مینستەر بوو (سەرپەرشتیارەکەمان بازبی هەمیشە قوتابی هێندە دەدایە بەر شەلاق و قامچی، تاوەکو دەبەنگێکی راستەقینەی لێدروستبکات.)، بەڵام ریچار ئەستیلی پەیامنوس کە ئەویش لە قوتابیانی ئەوێ بوو، باوەریوابوو کە بازبی (بلیمەتێکە بۆ پەروەردەو فێربوون) جێگەی سەرسوڕمانە ئەمە دواهەمین تێروانینە کەزاڵبووە. دوو سەدە دواتر ویلیام گلادستۆنی سەرۆك وەزیران، دکتۆر بازبی وەکو (بنیاتنەری سیستمی قوتابخانە گشتیەکان) ناوبرد.

جۆن لۆك لاوێکی کەم توانا بوو، تێروانینی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دکتۆر بازبی دا، بێگومان توانا فیکرییە نوستوەکانی ئەوی بە تەواوی بزواند. لۆك بەیەکێك لە دیارترین قوتابیانی ویست مینستەر دەناسرایەوە کە لەوەی خوێندن لەو قوتابخانەیە تەواو بکات شیعری بڵاو دەکردەوە، وا دێتە بەرچاو درایدن لە هونەری ململانێ بۆ مانەوەی بەرێوەبەری پاشاخوازی قوتابخانەکەی شتێك فێربووبێت– لەو قوتابخانەیەی کە رۆژگارێك پادشا رێك لەولای مەیدانی پەرلەمان لە وایت هاڵ لە سێدارە درابوو، لە ژێر سایەی پەرلەماندا بوو، درایدن لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا، ناچاربوو ستایش نامەیەکی قارەمانیانە بۆ ئالیۆر کرامۆل بنوسێت. دوو ساڵ دواتر کە رژێمی گەرایەوە، درایدن دەبوایە ستایشێك بە هەمان رادە پەسەندو دڵگیر بۆ چارلزی دووەم بنوسێ و پاشان پلەی میری شاعیرانی بە پاداشت وەرگرت، لە سەردەمی میری شاعیراندا چامەیەکی لە مەدحی کەنیسەی ئەنگلیکن دا چری، بەڵام کاتێ کە چیمزی دووەمی کاسۆلیك هاتە سەر تەختی پاشایەتی، ئەویش بیروباوەری خۆی گۆری و بووە کاسۆلیك و مەدحێکی قارەمانانەی بۆ قەشەی کاسۆلیك چری.

بە داخەوە ئەمجارەیان تووش بوو، چونکە چەند ساڵێك دواتر ویلیام پاشای پرۆتستان هاتە سەر تەخت و درایدن پلەی میرانی شاعیرانی لێسەندرایەوە.

لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە کە کە پەیوەندی بە جۆن لۆکەوە هەبوبێت، بەڵام ئەو جێ گۆرکێ و گۆرانە یەك لە دواییەکانە و (زۆر مەترسیدارانە)ی رەوشە سیاسییەکە ، لە سەردەمی ژیانی ئەودا رووياندەدا، یارمەتیدەری بوون.

لۆك بە پێچەوانەی شاعیری گەورەوە رێوشوێنەکانی

خۆی بە زیاتر لە باپێوێك دەپێوا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕێ و شوێنەکانی لۆکیش دووچاری چەندین گۆڕان بوونەوە.

یەکەمیان لە سەردەمی خوێندنی لە ویست مینستەردا ڕوویدا . لۆك لە ماڵێکی سەرسەختانەی لایەنگری پەرلەماندا گەورە بووبوو، بەڵام لە قوتابخانەدا لەگەڵ هاوڕێی لایەنگری پاشایەتی قوتابخانەدا بینیەوە. ئەم بەرکەوتانە، هەروەها بێزاری ئەو لە هەندێ زیادە ڕەوییەکانی لایەنگرانی پەرلەمان (لەوانە:لە سێدارەدانی پادشا) بووە هۆی ئەوەی دیدگایەکی هاوسۆزانەی بۆ پاشاخوازان هەبێت . بە پشت بەستن بە ئەزموون و نەرمی نواندن–ئەو دوو سیفەتەی کە لۆك یان پێدەناسرایەوە –هەر لە زووەوە ڕوون و ئاشکرا بوو.

بەڵام لۆك لە هەموو ڕوویەکەوە رچەشکێنێکی ئازاو دلێر بوو،لەوانەیە لە قوتابخانەشدا قوتابیەکی زیرەك بووبێ، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی لە توانا هزرییە مەزنەکانی خۆی دەرنەدەخست. لە ڕاستیدا لە تەمەنی بیست ساڵیدا (ئەو تەمەنەی کە لە کۆلێژدا پلەی (ئوستاد)یان بە گفترید لایبنتیسی هاوچەرخ) قوتابخانەی ویست مینستەری تەواو کرد. لۆك لە ساڵی (١٦٥٢) دا وەکو قوتابیەك ناوی خۆی لە کۆلێژی (کریست چرچ) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دا لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستدا بووە. خوێندکاران پابەند بوون بە فێرکارەکانیانەوە ((مامۆستاکانیان)) و ئەو کاتانەی کە لەگەڵ یەکتردا بوون لە کۆلێژ دەبوایە بە زمانی لاتینی قسە بکەن. پڕۆگرامی خوێندن دیاریکراو بوو بریتی بوو لە خوێندنەوەی دەقە کلاسیکیەکان، لۆژیك و میتافیزیك، وێڕای ئەمەش فەلسەفەی نوێی دیکارتی و پێشکەوتنە فراوانەکانی ئەم دواییە لە زانست و ماتماتیکدا، ئەرەستۆ و سکۆلاستیك، زیاتر گرنگی پێ دەدرا. خوێندکاران نە دنیایان هەبوو نە قیامەت، چونکە چەمکە فێرکارییە پڕ لایەنگرەکانی چاخی ناوەڕاست



جۆن لۆك لەگەڵ ئەوەی لە ماڵێکی پەرلەماندا گەورە بوو، بەڵام لەگەڵ هاوڕێکانیدا لایەنگری پاشایەتی بوون

لە پەروەردە پوچەڵکرابونەوە (کە بەدوای کامەرانی گەردوونی و گرفتی زیندووبوونەوە لە جیهانێکی دیکەی باشتر دەگەڕا – وەرگێڕ) و ماوەیەکی کەمیش بوو کە تیاترۆخانە و مەیخانە هەرزان بەهاکانی ئۆکسفۆردیان لە لایەن سەرۆکی زانکۆ داخستبوو.

پێڕستی بێهەڵوەستەی دەقی کلاسیك و سکۆلاستیك زۆر هیلاککەر بوو، کە تەنانەت لۆك ناچار بوو لە شوێنێکی تردا بۆ خۆراکی هزری خۆی بگەڕێ . ئەو وردە وردە پەیوەندی لەگەڵ تاقیکردنەوە کیمیاییەکان و بواری پزیشکیدا پەیدا کرد.

ئەو زانستی تاقیگەیەی کە سەرەنجام جۆن و ویلکینز هێنابوویە زانکۆی ئۆکسفۆردەوە.

بە چاوێکی کەم بایەخەوە لێیاندەڕوانی ، وەکو چۆن زانکۆکانی ئەمڕۆ دەڕواننە (ESP) یان ئابوری و ماوەیەکی زۆربوو چوونە ناوەوەی ئەو بۆ ئۆکسفۆرد ببووە سەرپێچی.(بەو پێیەی کە ویلکینز زڕبرای کرامۆڵ بوو، لەوانەیە ئەمەش یارمەتی دابێ لە زاڵبوون بەسەر ئەم (سەرپێچییەدا) لۆکیش لە ڕێگەی ریچار لاوری هاوڕێی پێشوی قوتابخانەیەوە بە بواری پزیشکی ئاشنا بوو .زانستی پزیشکی هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر پشت ئەستور بوو بە ئەرستۆ و سەرچاوە کۆنەکانی یۆنان ، لەوانە سوقرات و جالینۆس، بەڵام هەندێ کەس هەستیان دەکرد پێویستیان بە فراوانکردنی ئەم زانستە هەیە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو ئەزموونی زانستییەوە. ئەم بارودۆخانە بەر لەمە بە پێشکەوتنی مەزن لە لێکۆڵینەوەی ئەناتۆمی (توێکاری)– لەوانە دۆزینەوەی سوڕی خوێن بەهۆی ویلیام هاروی – گەیشتبوون.(لە ئەنجامی ئەم کارەی (لاور) ی هاوڕێی (لۆك) دا شیکارییەکی ئازایانەی گرتە ئەستۆی خۆی – ئازایانە بۆ نەخۆشەکەی و بۆ خۆیشی – و یەکەمین کەس بوو، کە دەرزییەکی خوێنی سەرکەوتووی دروستکرد .) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، زانستی پزیشکی لە زۆربەی ئامانجەکانیدا هەر لە قۆناغی حەکیم و پزیشکی میللی و ناترەکاندا مایەوە .

لۆك بە دڵسۆزییەوە دواهەمین گۆڕانکارییەکانی ئەو بوارەی

دەخوێندەوەو خۆی دوورە پەرێز دەگرت لەوەی خۆی بە هونەری پزیشکیەوە سەرگەرم بکات .

لە کۆتایی دەیەی (١٦٥٠) دا کەسانی سەر بە پیوریتن کۆمەڵەی هاوقازانجیان بەرێوە دەبرد و وڵات وردە وردە دووچاری کۆنەپەرستی ئاینی دوای شۆڕش دەبوو، کە لەم کاتەدا و تەنانەت لە دوای شۆڕشە بێباوەڕییەکان، بڕەوی پەیدا کردبوو. ئینگلیزەکان هەمیشە هیلاککەر بوون و توانایان هەبوو، چەندین جار بە درێژای مێژووی خۆیان،لە قۆناغە بەرچاوەکاندا وەکو سەرانی بێنەیاری جیهان لەم بوارەدا سەریاندەرکردووە و ئەمە یەکێك بوو لەو قۆناغانە.

لە دەسەڵاتدارێتی پیوریتنەکاندا گشت ئاماژە ئاشکراکانی لەزەت و چێژ وەرگرتن بە زۆر قەدەغە کرا، تەنانەت مەراسیمی کریسمسیش ، گەرچی بەرێزو خۆشەویست بوو، قەدەغە بوو.

چاوەرێی ئەوە لە هاوڵاتیان دەکرا، کە بە درێژای ڕۆژ کار بکەن و باقی وەختی خۆیان بە سازش و تەبابیەوە بەسەر بەرن. ژیان پەیرەوکردنی ڕێنماییەکانی پیوریتن بووو پۆلیسی فیکری هەوال وزانیاری لە بارەی خەڵکەوە کۆدەکردەوە (بۆ نمونە: ئەو کەسە بەدفەرانەی کە لە ڕۆژی کریسمسی پودینگ دا دەیانخوارد) و چەندین کۆبونەوەو دانیشتنی دوور و درێژ تەرخاندەکرا بۆ خوێندنەوەی مەرقۆسگەرایی، لۆقاگەرایی و بۆحەننا گەرایی. سەرەنجام تەنانەت ئینگلیزەکانیش تەحەمولیان نەماو بڕیاریاندا چارلزی دووەم بانگهێشتی دەسەڵات بکەن. ئەوەیان بە باشتر دەزانی کە کە کەسێکی هەمیشە سەرخۆش کە لەگەڵ سۆزانییەك دا دەژی ، فەرمانڕەوایەتیان بکات، نەك بەبێ پۆدینگ کڕیسمس بەسەر بەرن. لەم کاتەدا باوکی لۆك بە سەختی نەخۆش کەوتبوو. لۆك ئاگادار بوو کە پزیشکی دیاری ئێرلەندی دکتۆر (ئەدمۆند میرا) ئەو چارەسەر دەکات ، هەربۆیە نامیەکی بۆ باوکی نوسی کە بێ خەمە لەوەی کە ئەو لەبەر دەستی

لە دەسەڵاتدارێتی پیوریتنەکاندا گشت ئاماژە ئاشکراکانی لەزەت و چێژ وەرگرتن بە زۆر قەدەغە کرا، تەنانەت مەراسیمی کریسمسیش

کەسێکە بە زوویی چاك دەبێتەوە . ئەمە شتێکی سەیربوو، چونکە دکتۆر میرا بەر لەمە بەهۆی مەحکومکردنی دۆزینەوەی سوری خوێن لەلایەن هاروی وەکو ساختەچیەك بەدناو بووبوو، پاشان نامیلکەیەکیدوژمنکاریانەی نوسیبوو و تیایدا(هێرشیکردبووە سەر هاورێکەی لۆك، کە لە بواری پزیشکیدا پێشەنگ بوو) لە ئەنجامی چاودێرییەکانی دکتۆر میرادا، حاڵی باوکی لۆك بە زوویی خراپتر بوو، بە شێوازێك لە ماوەی چەند مانگێکدا کۆچی دوایی کرد. بەوەی کە لۆك بەر لەکۆتای تەمەنی باوکی سەفەری کرد بۆ سامرست و (تەنانەت پزیشکی تازەشی ئاگادار کرد)، لێرەدا ڕەفتارو هەڵسو کەوتی بە نارووتی ماوەتەوە.

ئایا دەتوانێت ئەو ئازارانەی لە دەست باوکی چەشتویەتی (لەوانەیە نائاگایانەش بووبێت) بە نهێنی لەدڵی خۆیدا بیهێڵێتەوە ؟ باوکی لۆك لە ماڵەوە توندو تیژ بوو، بەڵام لە دوای ئەوەی بەهۆی شەڕی ناوخۆوە کەوت، ناچار دەسەڵاتی خۆی لە دەست دابوو. لۆك لە ژیانی دواتری خۆیدا بە ڕێزەوە یادی باوکی دەکردەوە ، بەڵام عادەتی وا بوو کە هەستەکانی ناخی خۆی دەرنەبڕێت و لە دڵی خۆیدا بیهێڵێتەوە، تەنیا دەتوانین گومان ببەین .

لۆك لە دوای مردنی باوکی پارچە زەویەك و چەند خانویەکی بە میراث بۆ مایەوە. کرێی خانووەکان داهاتێکی بۆ دابیندەکرد، کە توانی هەموو تەمەنی خۆی پێبەڕێکات و ژیانێکی مامناوەندی هەبێت، بەڵام لۆك حەزی لە دەوڵەمەندی نەبوو. لەم کاتەدا خوێندنی تەواو کردبوو ببوە مامۆستا لە کۆلێژی (کرایست چرچ). گەرانەوەی ڕژێمی پاشایەتی لەگەڵ خۆیدا ئازادییەکی نوێی هێنابووە ئارلوەو لۆکیش – بە شێوازە خۆپارێزەکەی خۆی–سودی لەمە وەرگرت. ڕوانیە دەوروبەری خۆی تاوەکو سەیری ئافرەتان بکات (کە ئەو ڕۆژانە حەزیاندەکرد بەو شێوەیە بناسرێن و زۆرتر بەوشێوەیە ڕەفتاریاندەکرد– مەگەر لە دەربارەی پاشایەتی و کۆمیدیاکانی گەرانەوەی پاشایەتیدا).

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو وێنانەی

لۆك دادوەری بکەین کە لەلامانە، ئەو پیاوێکی باش و جوان، تا ڕادەیەك سادەو جیاوازیش بوو. ئەمش قەرەبووی ئارامی هەمیشە پڕ کێشەو ئاڵۆزی ئەوی دەکردەوە .

وا دەهاتە بەرچاو کە لە سەردەمی مناڵیەوە توشی تەنگە نەفەسی ببوو. هەندێ کەس ئەمەیان بە هۆکارێکی دەروونی و جەستەی دەزانی، لە ڕاستیشدا لەوانەیە لە سەردەمی مناڵیدا، کێشەو ئاڵۆزی لە ماڵیاندا هەبووبێت. دایکێکی سیما جوان لە چینێکی کۆمەڵایەتی نزمتر کە شوی بە پیاوێکی نەناسراو و جار جارە بێپارە کە دەساڵ لەو گەورەتربوو قۆناغێکی درێژخایەن و دوور لە ماڵ و مناڵ و لە شەڕی ناوخۆدا بەسەربرد، ئەمەش نمونەیەکی باش نەبوو بۆ خوشگوزەرانی ناو ماڵ، بەڵام تەنگە نەفەسی ڕێگەی لە چاو باشقاڵی لۆك نەگرت.

بە داخەوە لۆك لە ژینگەیەکی خێزانی لایەنگری پەرلەماندا گەورە ببوو، کە پشتیوانی لە بیروباوەڕەکانی پیوریتن دەکرد. لە ئێستاشدا هاوسۆزی خۆی گواستبویەوە بۆ پاشا خوازان، بەڵام هەمیشە وەفاداربوو بەرامبەر بیرو باوەڕەکانی پێشوی خۆی، شتێ لە خوڕەوشتی پیوریتن لە ناخیدامابویەوە – چ لە ڕەفتارو چ لە هەڵبژاردنی ئافرەتدا.

نامەی دوورو درێژی بۆ ئافرەتان دەنوسی و ئەوانیش بە شێوازێکی عاشقانە وەڵامیاندەدایەوە، لێرەدا نمونەیەك لەو نامانە دەخەینە ڕوو:

ئاغای بەڕێز :

ناتوانین پێشبینی بکەین بە چ ڕەزامەندییەك و تامەزرۆییەکەوە نامە جوان و زۆر کاریگەرەکەی تۆم خوێندەوە .

بە داخم کە دەبیستم لە ڕێبازی خۆت لاتداوە و خەفەت لەوە دەخۆم، کە دەبێ من هۆکاری ئەوە بووبێتم، چونکە دڵنیات دەکەمەوە کە دوعاکانی من وایکرد کە سەفەرێکی خۆش بکەیت.

هەتا کۆتایی بەمجۆرە کۆتاییێ دێت: (من هەروا بە هاوڕێیەکی دڵسۆزی تۆ دەمێنمەوە.)

لۆك دوای هەفتەیەك وەڵامیدایەوە : (لە بارەی ئەوەی کە وەڵامەکانی من بە ڕادەی خێرای وەڵامەکانی تۆ نییە، سەرچاوە گرتووی ئەو خەواڵوییەیە کە نامە بەرزەکەی تۆ منی تووش کردووە و بۆ دەرچوون لەو حاڵەتەش حەفتەیەك زەمەنێکی کەمە) .

جێگەی سەرسوڕمان نییە، کە ئەم مۆزە مۆزکردنانەی زۆربەی خەڵك، هەندێ جار درێژەیان کێشاوە بۆ زیاد لە یەك ئافرەت لە یەککاتدا کە ئەمەش زۆر ئەنجام بەدیناهێنێت.

بەڵام لۆك لەوانەیە لە بارەی هۆکارەکانی دواکەوتنی یەك هەفتەی خۆی لە وەڵامدانەوەی هاوڕێ دڵسۆزەکەی خۆی تا ڕادەیەك ڕیاکار بووبێ. وێڕای تەندروستی خراپی، بەرنامەی کارکردنی قورسی هەبوو تا درەنگانی شەو کتێبی دەخوێندەوە. بە ڕەواڵەت لۆك مامۆستای یۆنانی کۆن بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆرترین کاتی خۆی تەرخانکردبوو بۆ توێژینەوەی زانستی. گەرچی لە ڕووی تیۆرییەوە ئەزمونی زانستی بە لە پێشتر دەزانی، بەڵام وازی لە کاری توێژینەوەکانی هێنا. وا دەهاتە بەرچاو زانست پێویستیەکی قووڵی لە لۆك وەبەرهێنابوو. ئەو وەکو وڵاتەکەی لە نێوان (وەفاداری بێتێرامان بە ڕیسك (نەریت).) کە پاشا خوازەکان هەیانبوو و مەیل و شەوق (واتا تاوتوێی سۆزداری ناپێوەر) ی پیورتنەکاندا ببوو بە دوو لەتەوە. بۆ لۆك زانست ڕێگەی دەرچوون بوو لەم دوو ڕێبازە. زانست بابەتێك بوو کە بە تەواوی پشتی بە ئەزموون (نەك ڕیسك)بەستبوو بە حەقیقەتی خۆی دەگەیشت.

توێژینەوەی زانستی سەرەنجام ئەقڵی لۆکی گەیاندە فەلسەفەی ئەقڵانی دیکارت. سەرەنجام لە کۆتای تەمەنی سی و چوار ساڵیدا، بابەتی پەیوەستدار بە خۆی دۆزیەوە. ئەوە دیکارت بوو کە ئەوی لە(ئارەزووی توێژینەوەی فەلسەفی) بێدارکردەوە. فەلسەفەی دیکارت کاریگەییەکی پتەوی لەسەر لۆك هەبوو. لە ڕاستیشدا تا ئەمڕۆش هەندێ لە توێژەرانی فەرەنسایی ئەو بەیەکێك لە پەیڕەوانی دیکارت لە قەڵەمدەدەن. کەجێگەی پێکەنینە و نیشانەی ئەوەش (ڤۆلتێر)ە کە دیکارتی ڕەتکردەوە، بەڵام بە تەواوی چووبووە ژێر کاریگەری (جۆن لۆك)ەوە. لۆك بە دڵنیاییەوە ستایشی ڕۆڵ و گرنگی دیکارت ی دەکرد لە بەگەڕخستنەوەی فەلسەفەی ئەرستۆو کۆتایهێنان بە باری چەندین سەدەی ڕێبازی سکۆلاستیکی هەناسەبڕ، هەروەها ستایشی میتۆدی دیکارتیشی دەکرد. دیکارت بۆ گەیشتن بە جێگەیەکی بێچەندو چۆنی حەقیقەت، گومانی لە هەستەکانی بینین و تەنانەت گومانی لە حاڵەتە زەینییەکانیشی کرد. زانینی بەرهەمهاتوو لەم چەشنە سەرچاوەیە، هەرگیز ناتوانێ بە ڕەهایی دڵنیا بەخش بێت. هەستەکانمان و ڕادەی کارکردنە زەینییەکانمان ، هەردووکیان فریوماندەدەن . چۆن دەتوانین

بگەینە ئەو یەقینەی کە لە حاڵەتی خەوبینیندا نین و ئەوەی کە دەیبینین جگە لە سەرابێك هیچی تر نییە؟ کاتێ کە دەگەینە وەڵامێکی ماتماتیکانە، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە، کە لە حسابەکانی خۆماندا هەڵەمان کردبێ. دیکارت بە گومان بوونی لە هەموو شتێ، بە ئەنجامە بەناوبانگەکەی خۆی گەیشت :(من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم). دەبێت تەنها یەقینت بەمە هەبێت.

ئەو کاتە دەکرێت لەسەر ئەم بنەمایە بە کۆمەکی بەڵگاندن و ئەنجامگیری جیهانێکی دڵنیاتر بنیاتبنرێت. لۆك بڕوای وابوو کە ئەم میتۆدەی دیکارت شایستەیە و زۆر لە چەمکە کۆن و وەرگیراوەکان وەلا دەنێ، بەڵام پاڵنەرەکانی ئەو زانستی بوون و متمانەی بەو بەڵگاندن و ئەنجامگیریانەی دیکارت نەبوو وەکو ڕێگەی گەیشتن بە حەقیقەت دەربارەی جیهان. بە بڕوای

جۆن لۆك دەبێت ئەم حەقیقەتە تەنیا لە ڕێگەی توێژینەوە بدۆزرێتەوە: شێوازی زانستی .

بیریاری فەرەنسایی پییەر گاساندی کە یەکێکە لە دیارترین ڕەخنەگرەکانی دیکارت ، لەم ڕوانگەیەوە هاندەری لۆك بوو . گاساندی ماتماتیکزانێکی تا ڕادەیەك دیاربوو ، بەڵام لە سەردەمانی ژیانیدا سەرکەوتوو بوو بەوەی بازنە بکات بە چوار بەشەوە. گاساندی توانیبووی ڕۆڵەکانی خودا ناس ، فەیلەسوف ، زانا لەخۆیدا چڕ بکاتەوە. لە پلەی فەیلەسوفدا لایەنگری لە ئاپیکۆریزم دەکرد (کە باوەڕی بە ژیانی دوای مردن نەبوو) وەکو زاناش یەکەمین کەس بوو کە خولانەوەی هەسارەی موشتەری بە دەوری خۆردا بەدی کرد (ئەو سەردەمەی کە هێشتا پاپا حوکمی دەکرد، خۆرو هەسارەکان بە دەوری زەویدا دەخولانەوە). مایەی سەرسوڕمانە کە چۆن گاساندی وەکو قەشەیەکی کاسۆلیك، توانی ئەم ئەندێشەی بازنەییە لە چوارگۆشەی ڕاستەقینەی ئاینی مەسیحی کاسۆلیکدا بگونجێنێ. گاساندی شیلگیر لەسەر ئەوەی کە سەرجەم زانیارییەکان پشتبەستوون بە لێکدانەوە هەستەکیەکان. ئەمە بۆ لۆك بە هەمان ڕادە گرنگ بوو کە (بیردەکەمەوە) بۆ دیکارت گرنگ بوو : دۆزینەوەی هەستە بنەڕەتی یەکان کە لۆك فەلسەفەکەی لەسەر ئەوە بنیتنا.لۆك هەرگیز دانی بە ئاینەکەی خۆیدا نەنا بۆ گاساندی. ئەمە سروشتی ئەوی بە باشی دەرخست. لۆك لە سەراپای ژیانیدا، پیاوێکی بێئەندازە ئاڵۆزو پڕ نهێنی بوو. لە یاداشتەکانیدا سوێدی لە جۆرە خێرا نوسییەکی سیمبول ئامێز و کۆمەڵی ئاماژەی نادیار وەرگرت، تەنانەت کاتێ کە نامەی بۆ هاورێ کچەکانیشی دەنوسی، هەندێ جار سودی لە کۆمەڵێك بەشی هەستیارتر لە زارلوەی لێکدراوی نادیار وەرگرت، هەرچەندە دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە لە بارەی لۆکەوە زارلوەی (هەستیار) دەستەواژەیەکی زۆر ڕێژەییە. (ئەگەر ئەم باوەڕەی کە هەرکەسێك فریشتەیەکی پارێزگاری هەبێت، ڕاست بێت ، من دڵنیام کە فریشتەی پارێزگاری من تۆیت، چونکە هەستدەکەم کە لە ژێر پارێزگاری تۆو لەگەڵ تۆدا، نەك تەنیا خۆشبەختتر، بەڵکو باشتریشم، ئەو ئاژلوەچیانەی کە لە شوێنەکانی ترەوە هێرشم بۆ دەهێنن ، کاتێ لەلای تۆم لێمنزیکنابنەوە). بە داخەوە چ بە لێکدانەوەیەکی نادیار نوسرا بێت، یان نەنوسرابێت ، بە ڕادەیەکی ئاسایی مەترسیدارە !)

لۆك لەوانەیە هەوڵی دابێت ئاینی خۆی بۆ گاساندی بشارێتەوە ، بەڵام بەوەڕازی بووە هۆی ئەوەی نکۆڵی لە کاریگەرییەکی تری سەرەکی لەسەر ئەندێشەی خۆی بە گشتی بکات. ئەو کاتەی کە هێشتا خوێندکاری زانکۆ بوو شاکاری سیاسی‌دەسەڵاتخوازانەی تۆماس هۆبز (لیڤاتان –ی leviathan)خوێندبوویەوە. هۆبز لەم کتێبەدا دیدگایەکی ڕەشبینانە دەخاتە ڕوو، کە دەڵێت ((بەبێ حکومەت ژینی مرۆڤ پڕە لە گۆشەگیری و ئێش و ئازار و هەژاری و هەروەها ئاژەڵانیانەو کورتە))

مرۆڤەکان بەرگەی ئەم حاڵەتە سروشتییەیان نەگرتووەو بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوەدا لە دەوری کۆمەڵگای خاوەن حکومەتدا کۆبوونەتەوە، هەر شێوەیەك لە حکومەت باشتر بوو لە نەبوونی، وێڕای ئەمە دەبوایە گوێڕایەڵی هەرکەسێ بکەین، کە دەسەڵاتی لە ئەستۆدایە.

سەرچاوە:

– اشنایی با جون لوك، پول ستراتین